# "كە زەوی بۆگەن دەكات"

نووسینی: شێرزاد حەسەن

ژیان لە شارەكانی كوردستان ناخۆش و هەناسەسوار بووە، شارەكانی كوردستان نە شارن و نە گوندن، شار هەرگیز بەو مانایە نایەت كە جادەو باڵەخانەی بڵند و ژمارەی دانیشتووانی لە ملیۆن تێپەڕی كرد بێت، گردبوونەوەی ملیۆنەها مەردووم و ماشێن و بێ سەر و بەرییەكی وەها كوشندە بەسە كە وا بكات هەر هەمووان تووڕەو نیگەران بن. كوشتنی سەوزایی، بە تایبەتی لە دوای راپەڕینەوە، زۆرینەی وا لێكردووە هەتا گەر هوشیاری بە ژینگەش نەبێت، داد و بێدادی بێت لە دەست ئەوەی روو دەدات بەناوی "بە دوبەی كردنی كوردستان". راستە لە سەرەتای دامەزراندنی یەكەمین بناغەی شارەكان كەس ماستەرپلانێك و نەخشەیەكی تۆكمەی نەبووە بیخاتە بەر دەستی هەمووان تا بیر لە دروستكردنی شارێك بكەنەوە كە لە رووی ستراتیژییەوە بە كەڵكی سەدەها ساڵی دیكە بێت ، بێجگە لەو پردانەی كە "ئینگلیز" لە كوردستان و عیراق دروستی كردوون كە سەدەیەكە بەرگەیان گرتووە و ماون، هیچ دەزگا و مەكتەب و باخچەو بیمارستانێك و جادەو گەڕەكێك دروست نەكراوە كە بە كەڵكی نیو

سەدەش بخوات، بەڵگەش شاری سلێمانی ـ یە کە تەمەنی دوو سەدە و چەند ساڵێکە، کەچی بە گەڕانەوە بۆ گەڕەکە کۆن و هەموو دەزگا و دامەزراوەکان و هەموو ئەو پێویستیانەی بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستکراون گەواهی ئەوە دەدەن کە کۆپی گوندەکانی دەور و بەری "قەڵاچوالان" بووە.هیچیان بۆ ئەوە نەسازاون کە لە ئایندەدا و لە دوای دەیەها ساڵ شوێنی ژیانێکی شایەستە بە مرۆڤی شارستانی بن، لەوەش کوشندەتر هەنووکەیە کە بە ناوی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و خۆشگوزەرانییەوە، خاپوورکردنێك بەڕێوەیە کە  هەواو ئاو و خاکی پیس کردووە، هەرچی پاشەرۆك و خاپەرۆك  و پاشماوەی کەرەستەکانی خانوو و بەرە هەن، هەر هەموو گۆشە و کون و کەلەبەرێکی شاریان گەڕ و ناشیرین کردووە، دەوڵەمەندەکان بە ناوی دروستکردنی باخەکانەوە شارێکی دیکەیان لە دەرەوەی شارە چڵکن و خنکاوەکانی ئێمە قووت کردۆتەوە، نەدارا و هەژارەکانیش لە ناو ئەو گەند و گووە دەژین کە خۆیان و ئەوانیدیکەی خۆشگوزەران بە جێیدێڵن. دەبێت ئەوەیان بێجگە لە ژەهراویکردنی کوردستان ناوی چی لێبنێین کە ساڵی (2011) دا نزیکەی (250) هەزار ئۆتمبێل بۆ ئەم وڵاتە هاتووە، لە هەر هەزار ماشێنێك لە دونیادا یەکێکیان لە کوردستان ـ ە؟! لە کاتێکدا هیچ بەرنامەیەك نیە کە ڕەچاوی خراپی و کەمی ڕێگا و بانەکان و پیسبوونی ژینگە و شلۆقی و قەڵەبالغی و کەمی پارکەکانی شارەکان بکات. هەڵبەتە خەڵکی خۆ بە ناچار دەزانن کە شێوەکانی گواستنەوە لای ئێمە زۆر سەرەتایین،  بۆیە ناچارن ماشێن

بکڕن، بێجگە لەوەی کە بوونی ماشێنبۆتە جۆرێك لە پڕیستیژ و ناز و فیزی خەڵکی ئێمە.

لە هەوای کوردستاندا ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن نیوە بە نیوەن، ڕێژەی سەوزایی شارەکان لە بەرامبەر وشکانیدا لە حاڵی نەبووندایە، ئاویشی گەر ژەهراویش نەبوو بێت، ئەوەندە پاك نیە کە دڵخۆشکەرە بێت، لەم ساڵدا لە چەندین ڕاپۆرتدا چیرۆکی بە ژەهراوی بوونی خەڵکمان خوێندەوە، چ بە ئاو و چ بە خۆراکی زۆر و زەبەندی ئێکسپایەر.

دروستکردنی چواریانەکان و فولکەکان و پەیکەرەکان و کۆتەڵەکان بە هەڕەمەکی دروست دەکرێن و بێ هۆکارێکی دیاریکراو تێکدەدرێن، هەر بۆ نموونە هەر ئەوەندەی من دەیزانم: ڕەگە ڕێگای نێوان هەر دوو سایدی " تاسلوجە" لە سلێمانی چوار جاران سەر لە بەری تێکدران و دروستکرانەوە، ئێستاش بە ناوی ئەوەی سلێمانی شایەستەی لەوەی کە هەیە زیاترەو جوانتر لەوە دەخوازێت کە هەیبووە، لە چوارەم جاریدا لە هەموو جارەکانی دیکە ناشیرینتر و بێ ڕەنگترە، هەمووان دەزانن ئەم جۆرە گەمەیە بێجگە لە پارە خواردن و فرت و فێڵ هیچی دیکە نەبووە. هیچ جادەیەکی کورت و درێژ نیە وەك پرۆژەی پارەدزین مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، زۆرینەی ئەو جادانە دوای کەمتر لە مانگ و دوو مانگ هەڵدەتەکێن، چونکە تۆکمە نین وەك ڕەوشتی ئەو قۆنتەراتچییانەی ڕایانکێشاون و ئەو ئەندازیارانەش کە دەنووسن ( ئۆ. کەی). هەر هەمووشی دەبێتە وێرانەخاك و کارەساتی جەرگبڕ، هەموو دونیا بگەڕێ،

ئەوسا دەزانیت کە تەنها کوردستان خاوەن ئەو هەموو جادەو ڕێگاوبانە پەڕپووت و خوێڕییەیە. گەر جادەکان هەڵیشنەتەکێن، دوای چەند مانگێك چەندین جار بۆ ڕاکێشانی بۆڕی ئاوو هێڵی کارەباو پرد و کێبلّ و هێڵی ئینتەرنێت و زێراب و گۆڕی باوکم، چەند بارە، تێکدەدرێنەوە و گێر و گرفتی هاتووچۆی چەندین مانگ یاخەی هەمووان دەگرێت و درێژە دەکێشێت، هەموو وڵاتانی ئاوروپا "قیر" لەم وڵاتانەی ئێمەوە قەرز دەکەن ، جا چ وەك قیر یان وەك نەوتی خاو، هەموو ئاورپا بگەڕێ تووشی دە تاسە و  چاڵی سەر جادە نابیت، لێرە ڕۆژانە هەمووان هەزاران جنێو دەدەن بە فەرمانڕەواکان و خودانی ئەم وڵاتە، چونکە تاسە لە ژمارەی مەردوومەکان و ماشێنەکان پترن، گەرچی ئێرە زەریای نەوت و قیرە. لە کارگەیەکی "ئەڵمانی" پسپۆر لە ڕێگاوبان پارچەیەك لەو جادە هەڵتەکیوەی کوردستانیان بردووە، هەر بە قەد خوێی چێشت قیریان تێدا دۆزیوەتەوە. لە پای دروستکردنی باڵەخانە و هۆڵ و مۆڵ و کۆشکێك کەس ڕەچاوی چۆنییەتی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك ناکات.

بەکورتی کوردستان بۆتە زبڵخانەیەکی گەورە، بە درێژایی ڕێگای نێوان شارەکان بە ملیۆنەها کیسی نایلۆن و بوتڵ و قوتووی خواردن و خواردنەوە فڕێدراون، زۆرینەش کە ئەم دونیایەی خۆمان پیس دەکەن خەڵکی بێسەواد نین، ژمارە هەرە زۆرەکەی خوێندەوارن، هیچ خاڵێکی پشکنین نادۆزیتەوە لە کوردستان کە بۆ خۆی زبڵخانە نەبێت، قوتابخانەکان کە زۆرینەیان خاوەن دەیەها خزمەتگوزارن، بیمارستانەکان،

بەردەمی فەرمانگە و دامەزراوەکان و سەر شۆستەکان و ناو باخچەکان، ساڵانە شاری سلێمانی لە سەردەمی " بەعس" بە پاکترین شاری عیراق دەردەچوو، کەچی هەنووکە گووفەکێکی بێ وێنەیە. زۆر ئاسانە لەوە تێبگەین بۆ وایە، مەردوومەکان هەر لە منداڵییەوە بۆ یەکەمجار لە ماڵەکانی خۆیانداو لە لایەن باوانەوە فێر دەکرێن دەوروبەری خۆیان پیس نەکەن، دووەم دەزگا باخچەی ساوایان و قوتابخانەکانە کە هەمان ڕێنمایی بۆ پاکوخاوێنی وەردەگرن و دەبێت بە خووی هەمیشەیی، ئێمە لێرەو هەنووکە لە هەر دوو مەڵبەندەکە نائومێدین کە کچ و کوڕەکانمان واهی پەروەردە بکەن ئەو ڕۆحەیان لە لا دروست بوو بێت، چونکە خاوەنی پەروەردەیەکی وەها هاوچەرخ نین کە ڕێز لە ژینگە و سروشت و هەموو ڕەگەزە زیندووەکانی بگرین، ژینگەپارێزی هوشیارییەکی زاڵی دەوێت کە ئێمە نیمانە، نەك لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێمە بە زگماك پیس و پۆخڵن، بەڵکو هی ئەوەیە کە ژینگەپارێزی وەك بەرنامەیەکی دامەزراو و تۆکمە نەچۆتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، ئەوەی کە هەیە شتێکی کرچوکاڵە. گەرچی لە مزگەوتەکانی خۆمان بە هەزارەها کەس لە پیر و گەنج بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە گوێی لەوە بووەو وتراوە " پاکوخاوێنی لە ئیمانەوەیە..!"، کەچی وا دەزانن خاوێنی بەتەنها " تارەت و غوسڵ دەرکردن"ە.

بێجگە لەوەی کە لە شارەکاندا هەرچی کە لەسەر ئەم خاکە قووت دەکرێتەوە پتر کۆنکریت و ئاسنە و هەموو ئەو پانتاییە زۆرەی کە دەبن بە

جادە و شۆستە و باڵەخانە و ڕێگا لە ئاوی باران دەگرێت کە بڕژێتە ژێر خاك و ببێت بە بەشێك لە ئاوی عەمبارکراوی ژێرزەمین و کارێزەکان، بەدەر لەوەش کە ئەو هەزار باخە تایبەتیانەی دوای ڕاپەڕین و بە سەدەها ماڵی ناو شارەکان بیری "ئیرتیواز"یان هەڵکەندووە، بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە چ زیانێك بە ژینگە دەگەیێنێت. لەولاوە هیچ پێوەرێك نیە بۆ ئەوەی کۆنتڕۆڵی خەڵکی بکەن کە چ کەرەستە و چ دیزاین و نەخشە و بگرە ڕەنگێك بۆ خانوو و بەرە و کۆشك و تەلارەکان بەکار بێنن وەك لە هەموو دونیادا باوە، کە ئەوەش پەیوەستە بە ئاو و هەوا و جوانی وڵاتەوە.

وێڕای ئەوەش تێکدانی خانوو و بەرە و بازاڕ و دوکان و قەیسەری کۆن و هەڵکەندنی جۆرەها درەختی بەردار و بێبەر و بڕینەوەی باخەکان بە ناوی ڕێگرتن لە پرۆژەی نیشتەجێبوون، هەر هەموو ئەو وێرانکارییە زۆر ئاسان تێدەپەڕێت، بێئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە دەکرێت هەندێك لەو شوێنانە وەك شوێنەوار وپاشماوە و میراتی دێرینی کوردان چاوی لێبکرێت و ببێتە بەشێك لە مێژووی تەلارسازی و جوانپەرستی ئێمە. پرۆسەی ئەنفال و ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان و تێکدانیان لە لایەن "بەعس"ەوە، نەمانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خاك کارێکی وایکرد کە ئیدی ڕێزگرتنی گوندییەکان بۆ خاك و هەموو گیاندارەکانی سەری کەمتر بێتەوە، لە تەك سەوزایی و درەختەکان و فڕندەکانی ئاسمان کە ببوون بە سەرچاوەی ژیان و زیندەگی و جوانی، بە تایبەتی دوای دیلکردنیان لە ئۆردوگا

زۆرەملێیەکان ، پاش راپەڕینیش دەستەڵاتی کوردی بەرنامەیەکی وا تۆکمە و دامەزراوی نەبوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بە پێچەوانەوە، لە پای ململانێی نابەجێ و راکێشانی خەڵکی بە لای حیزبەکاندا و کڕینی دەنگ لە سەروەختی هەڵبژاردندا، کارێکی وایکرد کە بە هەزارەها ببن بە پۆلیس و زێرەڤانی و ئاسایش و کارگوزاری بێ ئیش و مووچەخۆری هەوەنتە کە بۆ هەتاهەتایە مەیلی گەڕانەوە و خولیایان نەبێت بۆ زێدی خۆیان، فەرامۆشکردنی کەرتی کشتوکاڵ لە چەندین بواری سەرچاوەکانی زیندەگی و ژینگەیی زیانی زۆری بە کوردستان گەیاند، شتێك نەما ناوی پەیوەندی هاوسەنگ و سروشتی نێوان شارەکان و گوندەکان بێت، بە کورتی ئەوەی بەر لە راپەڕین و دوای راپەڕین قەوما لێکهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای ئێمە بوو، وەها ون بووین کە نە سەر بە سروشتین و نە سەر بە شارستان. دەبوو دۆڕانی ئەو پەیوەندییەی نێوان شار و گوند بگەڕێتەوە، وەلێ هیچ نەکرا و دەستەڵاتدارانی کورد نەخشەیەکی دروستیان پێنەبوو بۆ ئەو مەرامە. گەرچی "بەعس" بە نەخشە و پلانێکی شەیتانانە توانی رۆحی پەیوەستبوونی نێوان خەڵك و خاك تێکبدات و زۆر شۆڤنیستیانە بەرنامەی بۆ تێکدانی ئەو بونیاتە ژیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییە داڕشت، ئێمە بۆ خۆمان بە ناوی ئاوەدانییەوە ئەنفالی خاك و خەڵکمان کرد.

هەڵبەت بێ دانانی سیاسەتێکی ورد و درێژخایەنی ژیاری و ژینگەیی، وا بڕوات، ژیان لەو شارانەی ئێمەدا دەبێت بە دۆزەخ، کاریگەرییەکی زۆر خراپی ئینسانی و رۆحی و مادی بە دواوەدا دێت. ئەوەی کە تێبینی دەکرێت جۆرێك لە خۆشگوزەرانی بۆ چینێکی باڵادەست فەراهەم بووە، بە

جۆرێك كە ئەوەی رێزی نەبێت لایان خودی ژینگە و سروشت و هەموو رەگەزە زیندوو و مردووەكانی ناوییەتی، هەموو كوردستان بۆ ئەوان پتر لە لەوەڕگا و پاوان و پێخوست و بژوێن دەچێت، لەوەدا سەرمایەدارە سیاسەتبازەكان لەسەر تۆپی ئەو چینانەن، شار بۆ ئەوان بێجگە لە سفرەو خوانێكی چەور هیچی دیكە نیە، لە دوای نەبوونی و برسییەتی سالانێكی زۆر ، لەپای خۆتێركردن و خۆ پڕكردن، چواردەوری خۆیان پیس و چەور و وێران دەكەن، زۆرینەی خەڵكی ئێمە بێجگە لە پێویستییە مادی و بایۆلۆژییەكان خەمێكی دیكەیان نیە، چەندە لەو دڕندانە دەچین كە ئەوەی دەتوانین بیخۆین: دەیخۆین، ئەوەی دیكە دەشێلین و خاپووری دەكەین، "ماركوز" واتەنی دوور لە رەهەندی رۆحی و فیكری و رەوشتخوازی، لە پێناو قایلكردنی چینێكی بالادەست و هێزدار، چەندەها چینی دیكەی تووڕە و بێزار و ماندوو ئەم رۆژگارە بە نەفرەت دەكەن، دەشزانن ئەوەی دەگوزەرێت بۆ ئەوان وەهمی زیندەگییە نەك ژیان خۆی. ئێمە مەترسی ئەوەمان لەبەر چاو نیە كە وێرانكردنی سروشت و ژینگەی دەوروبەر، هەر لە كوشتنی پانتایی كەم و زۆری سەوزایی و قڕكردنی گیاندارە كێوییەكان و باڵندەكان و بە فیڕۆدانی ئاوی سەر زەوی و ژێر خاك، دوا جار بە وێرانبوونی خۆمان كۆتایی دێت.

هەموو دەزگاكانی پەروەردە لە دونیادا، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی كە هوشیاریان بە ژینگە و سروشت زۆر بەرزە، كێشوەری ئارووپا لە پێش هەمووانەوەیە، ئەوان ئێستا مەترسی راستەقینەیان لەوەدایە گەر وا بڕوات ئەم ئەستێرەیە دەكوژێتەوەو سەرزەمین چیتر بە كەڵكی ژیان نایەت.

لەوەتەی مرۆڤ پەیدا بووە، چ گیانلەبەرێکی کێوی ناو ئەشکەوتەکان بوو بێت یان زۆر شارستانی و خاوەن تێکنۆلۆژیا، بیر و خولیای ئەوە بووە کە ئەم سەر زەمینە داگیر بکات، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، خۆ ئامادەکردنێك هەیە بۆ ئەوەی بەر بەو مەترسییانە بگیرێت کە بە دەستی مرۆڤ خۆی دروست بوون، کە لە ئاکامدا دەبێتە وێرانبوونی ئەم سەر زەمینە بە هەموو ئەو ئەو بوونەوەر و سەوزایی و ئاو و هەوایەی کە هەڵیدەمژین، تاکە بەڵگەیەك لەمڕۆکەدا بۆ گەمژەیی مرۆڤـ ئەوەیە کە بۆتە کەڵەگا بەسەر هەموو شتێکی جوانی سەر ئەم ئەستێرەیە، گەر مێژووی وێرانکاری پیاو لەسەر ئەم خاکە بخوێنینەوە تێدەگەین کە هیچ گیاندارێك وەك مرۆڤ ، بەتایبەتیش پیاو، دڕندە نیە. ئەمەیان راستییە تاڵەکەیە کە هەمووومان خۆمانی لێدەدزینەوە، بەناوی خۆ زاڵکردن و پێشکەوتن و داگیرکردنی هەموو خێر و خۆشی و رەگەزە زیندوو و مردووەکانی ناو سروشتی چواردەورمان، سەرزەمین خەریکە بۆگەن بکات و لەوەدایە گەر هەتا زووە فریا نەکەوین، هەر هەموو سەرچاوەکانی بوون و ژیانی خۆمان کوێر بکەینەوە. ئەم ساتەوەختەی تێیدا دەژین گرنگ و یەکلایکەرەوەیە، نەك بە تەنها بۆ کێشوەرێك و دووان کە پێگەیشتوون و زووتر لە ئێمە دەستیان بە تێکنۆلۆژیا و پیشەسازی گەیشتووە، بەڵکو بۆ ئێمەش کە لە دواوەی کاروانەکەین، بۆ هەموو مرۆڤایەتی ترسناکە، گرنگ و یەکلایکەرەوەیە بۆ چیرۆکی سیستمی گیۆ ـ بایۆلۆژی ئەم هەسارەیە خۆی. دوا مەترسی ژینگەپارێزان و بایۆلۆژستە شارەزاکان ئەوەیە کە بەگوێرەی پێداچوونەوە بە رێژەی نەمان و قڕبوونی هەموو بوونەوەرە

زیندووەکان و فەوتانی دارستانەکان و سەوزایی و پیسبوونی هەوا و ئاو و خاك لەم سەد ساڵەی دواییدا گەیشتۆتە چڵەپۆپە، کۆی بایۆ – سیستمی سەر زەمین شێواوە و بگرە لە مێژووی شەست و پێنج ملیۆن ساڵی ئەم ئەستێرەیەی کە بە " زەوی " ناسراوە ..وێرانکاری وای بە خۆیەوە نەبینیوە.. هەرگیز.

(2012)